www.kurdistannet.org
27-11-2006 7:15بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# راستکردنەوەی بزماری پارێزەرێک... ئامانج عەبدوڵاسوور

نوسین جگە لەوەی پەیامێکە بۆ وروژاندن لی بە قەولی کارل مارکس عەقڵی بەرجەستەی مرۆڤێکی وشیارە لەسەر رووپەرێك... ئەونوسەرەی بەترسێکی پر لەتێرامانەوە دەست بۆقەڵەم نەبات دەبێتە ئەوگەپەی تادنیا هەبی قاقای پێکەنینی لی نابری... واتە ئەبێتە پاڵەوانی ئەوساتێرەی کەبەسانایی نایدۆزیتەوە.. گەر بشمانەوی یۆهەمیشە بەسەر دوودیمەنی جیاوازدا بروانین جارێك بەزمانێکی نێوکۆی خەڵك ئامازە بە بابەتەکان بکەین وجارێکیش بەزمانی شوبهاندن ئەوا نابی کرۆکی بابەتەکە بشێوێت ولەمەبەست دوور بکەوێتەوە، کەئەرستۆ لەتێکرای بەرهەمەکانی دا هەوڵی دەدا دانا وسادەیەك وەك یەك لێی بگەن هەمیشە بەزمانی سادە دەدواو کەچی لەشوبهاندن دا کارامە بوو هەروەك لەکتێبی مەوسوعەی فەلسەفی دا باسی لی کراوە بۆیە متمانەی بە وێنەوئاکاریش لەهەمان کاتدا دەکرد تا کرۆك بزر نەبێت..
لەرووپەری زۆرێك لەرۆژنامەو تەنانەت کتێب دا هەڵەی زەق بەدی ئەکەیت رێك ئەگەیتە ئەوبروایەی نوسەرەکەی چەندە بی سەلیقەیە بۆ وێنە بزمارەکانی بەرێز خالید مەجید فەرەج کەدەکرێت وەك دیکۆمێنت بیخەینە نێو خانەی هەڵەبەندی زمانەوانیەوە تەماشای ئەم هەڵانەی لای خوارەوە بکەن کەلەتاقە ووتارێکی بەنێوی (زمانی یەکگرتوو) دا بەسانایی بەدی دەکەین وبەپێوانەکەی ئەرستۆ دەیشوبهێنین تا باشتر لێی بگەین..
لەدێری سێیەم دا دەفەرموی (کەلەژیانی رۆژانەیان دا بەکاری دێنی) سەرەتاش باس لەوە دەکات گوایە عارەب زمان زیاد لەدووسەد ملێونە جاتۆ لەوەگەری هیچ سەرچاوەیەکی ئاماروهەژماری نەداوە بەدەستەوە کۆڵەواری لێرەدایە گری رستەکە بەکۆ دەست پی ئەکات وبەتاك کۆتایی دێت!!!
ئەمە جگەلەوەی ئەم پارێزەرە باس لەتەنگەژەی زمان ئەکات وکەچی ووشەکانی (لەهجە-نوخبە-عەشایەر-دەلیل-بەقووەتە-تەرح -ئیلتیزام. هتد) نازانێت وەریگێرێتە سەرکوردی وبەزمانی نێوکۆ بینوسێتەوە!!
دواتر لەئامازەیەکی تری دا دەفەرموی (بەڵام دواتر بەهۆی پێشکەوتنی ژێرخانی ئابوری) دیارە لەعارەبیەکەی وەگرتووە کە دەڵێن (ازدهار بنیە تحتیە) لی واتای رستەکە شتێکی پێکەنیناویە وادەگەیەنێت ژێرخانی ئابوریمان لەماراسۆندایەو پێشدەکەوێت!!هەڵبەتە تەنگەژەی ووشەیە لەلای ئەم برادەرە دەنا ژێرخانی ئابوری دەبوژێتەوە نەك پێشبرکێی وپێشکەوتن وماراسۆن..
دواتر دەفەرموی (رۆشنبیر لەداوی سیاسەوەیە) مەبەستی دیارە کە گوایە رۆشنبیرانی ئێمە بەداوی سیاسەتەوە بوون، داو واتە تەڵە بەڵام کی بروا بەوەدەکات کەی بووە رۆشنبیر ببێت بەتەڵەوە ئەی رۆشنبیر هەڵوێست نیە جگەلەوە گری رستەکە بۆ خۆی هەڵەیە لەبری (لە) دەبوو (بە) دابنی چونکە دەبن بەداوەوە نەك لەداوەوە...
پاشان دەبێژی (لەبەر ئەوەی زۆر لەوانەی کەبەنوخبە رۆشنبیرەکەی کۆمەڵگای کوردەواری خۆیان ناونوس کردووە) جابزانن ئەم گری رستەیە چەند هەڵەی زەقی لەخۆ گرتووە:
کۆمەڵگا مەبەستی ئەوەنیە دەستە بڵێت جەمعی (گا) بەڵکو مەبەستی ئەوەیە کەبڵێت کۆمەڵگە..
خۆیان نانوس کردووە نازانین بۆ چی یەکسەر واتی دەگەیت خۆیان بۆ سەربازی خۆبەخش ناونوس کردبێت یان بۆ کارتی دابەش کردنی نەوت وبانزین کەلەم وولاتەدا لەقەیران دایە بەڵام گەرەکێتی بێژێت ناوزەند کردووە!!!

جا بڕواشی بەوەیە جیاوازی لەنێوان زمانی نوسین وقسەکردن دا نیە داوای ستاندار دەکات بۆ نمونە (شارنشینا-ڕاگەیەنی –بڕیارەیا-هەم لێی ڕادێین-پیهاتۆتە خوارەوە.. هتد) جا هیچ جیاوازیەکی نیە لەگەڵ قسەی ئاسایی ڕۆژانە دا خاسیەتی بابەتێك لەخۆ ناگرێت..

لەدێرەکانی کۆتایی دا دەڵی (هەم لێی ڕادێین هەمیش پێمان خۆشە) جا هەمیش مەبەستی خەم نیە چونکە ئەم ووشەیەی بەکوردی بەکاربردووە لەسەر کێشی قورمیش!!

من کەئەم بابەتەم خوێندەوە گومانم کرد لەوەی کەبابەت بێت لەگەڵ ڕێزی زۆرم بۆ نوسەری بابەتەکە بەڵام دەکرێت ئەم هەڵانە دیاری بکرێت وهەرچیەك گەر بۆتاقە جارێك ئەم بابەتە بخوێنێتەوە ڕەنگبی بەسانایی درك بەم هەموو هەڵەیە بکات.. مرۆڤ کەدەنوسێت ڕەوایە هەست بە ماندووبوونی چاوی خوێنەران بکات لەگۆترە ووشە ریز نەکات بابەتێك وروژاندن بەدوای خۆی دا کێش نەکات نابێتە سەرچاوە چ جای ئەوەی قسە لەسەرزمانی ستاندارد بکەیت وخۆشت لەوبوارەدا کۆڵەوارو بی تفاق..